ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## دانانی Subtitle بۆ فیلم.

نووسەر: @:

لەوانەیە دانانی Subtitle بۆ فیلم شتێکی زۆر ئاسان بێت بۆ زۆر کەسێک، بەڵام بە دڵنیایەوە کەسانی دیکەش هەن کە پێویستیان بە خوێندنەوەی بابەتێک یان وەرگرتنی هەندێک زانیاریە لەو بارەیەوە.
لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم چۆنیەتی دانانی Subtitle/ تێکست بۆ فیلم شی بکەمەوە، بۆ نموونە هەندێک لەو فیلمانەی کە لە ئینتەرنێت دایاندەگرین تێکستیان لەگەڵیان نیە و گەر فیلمەکە بە زمانێک بێت کە نەیزانی و لێی تێنەگەی ئەو کاتە بوونی تێکست شتێکی پێویست و یاریدەرە. واتە داگرتنی پەڕگەی Subtitle بە شێوەیەکی سەربەخۆ و پاسان پیشان دانی لەگەڵ فیلم دا.
هەنگاوی یەکەم/ لە وێبگەی Divx Station دا بەدوای Subtitle ـی فیلمی ویستراو دا بگەڕێ. (ماڵپەڕی دیکە زۆرە بۆ داگرتنی Subtitle ـی فیلم، Divx Station تەنیا نموونەیەکە).




پاش گەڕان، گەر پەڕگەی ویستراو هەبێت، ناوی فیلمەکە جارێکی دیکە دەردەکەوێت، کرتەیەک بکە سەر ناوی فیلمەکە.




وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە، بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتە بکە سەر Download Subtitle و پەڕگەکە دابگرە.
هەنگاوی دووەم/ پرۆگرامی VLC Player دابگرە، پرۆگرامێکی زۆر چاکە بۆ کردنەوەی پەڕگەکانی ڤیدیۆ، هەروەها توانای وەیەک خستنی فیلم و Subtitle ـی هەیە.
بۆ داگرتنی VLC Player ئێرە کرتە بکە.
پاش دامەزراندن پرۆگرامەکە بکەوە.




کرتە بکە سەر ئایکۆنی کردنەوەی پەڕگە، وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە.
لەو پەنجەرەیەی کە دەکرێتەوە Subtitle Options چالاک بکە و پاشان کرتە بکە لە Settings.




پەنجەرەی هەڵبژاردن و ڕێکخستنەکانی Subtitle دەکرێتەوە.




7> کرتە بکە لە Browse بۆ هەڵبژاردنی پەڕگەی Subtitle واتە ئەو پەڕگەیەی کە لە ئینتەرنێتەوە داتگرتووە.
8> شێوازی Coding ـی تێکست.
9> قەبارەی جۆرەپیت/ فۆنت.
10> شوێنی دەرکەوتنی Subtitle/ تێکست.
OK کرتە بکە پاسا هەڵبژاردنی پەڕگەی Subtitle.
جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ پەنجەرەی سەرەکی VLC Player، کرتە بکە سەر Browse و ئێستا فیلمەکە هەڵبژێرە.




پاشان فیلـمەکە دەکرێتەوە لـەگەڵ تێکست دا.

کۆتایی.

وێبگەی دیکە بۆ داگرتنی Subtitle ـی فیلـم.

هیوادارم بـەسوود بووبێت.

---

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief

Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.

آگهی های سرویس عمومی گوگل

تبلیغات در این سایت